مەسرور بارزانی:-بەردەوام لەگەڵ بەرزبوونەوەی سوودانی لە پەیوەندیدام و شاندەکانی دانوستانکاریش بەردەوامن بە وەلانانی کێشەکان

مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەرێم قەیرانی سەختی ئابوری تێپەڕاند و هەموو هەوڵەکیان خستووەتەگەڕ تاوەکو کێشەی موچە بهێنن، بەردەوام لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر هەڵوێستن بە بەلاوەنانی کێشەکان

مەسرور بارزانی ئەمڕۆ لە وتارێکدا لەمیانی کردنەوەی پردی دەربەندی ڕانیە - بنگرد ڕایگەیاند، "دەستخۆشی لە وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن و کەمپانیای جەبەجێکار دەکەم بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژە گرنگە کە بە گومان سودێکی زۆر بە خەڵکی ئەم ناوچەیە دەگەیەنێت و سنوری پشدەر و بەتوێن و مەرگە پێکەوە دەبەستێنەوە، ئەمە سودێکی زۆری دەبێت بە هاتوچۆی هاوڵاتیان و ئاسانکاری بە هاتوچۆی هاوڵاتیان دەکات؛ هەروەها سودێکی زۆری دەبێت بە گواستنەوەی بەروبومی جوتیاران لە ناوچەکە، هەروەها یارمەتی گەشەسەندنی گەشتیاریی لەم دەڤەرە دەدات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "چوار ساڵ لەمەوبەر لە بارودۆخێکی سەختی دارایی و تەندروستی بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرەسی کۆرۆنا و ئەو قەیرانە ئابوریەی توشی هەرێمی کوردستان بو، ئەمە لەو کاتە بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیەمان دانا کە خەشبەختانە لە ماوەی دیاریکراوی خێیدا تەواو کرا و خرایە خزمەتی هاوڵاتیان، ئەمە بە ئەمە مایەی شانازی و پە زانینە".

مەسرور بارزانی ئەوەشی وت، "ئێم پرۆژە گرنگە بە تەواوی لێلایێن توانا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، خۆشبختانە ئێمە شاهیدی ئەوەین کە توانا ناوخۆییەکان لە بواری دروستکردنی ڕێگاوبان گەشەیان سەندوە و کواڵیتیی ڕێگا و پردەکان زۆر باشتر بوە".

باسی لەوەشکرد، "پلان و بەرنامەمان هەیە بە خزمەتی کەرتی ڕێگوبان لە هەمو ناوچەکانی کوردستان، خوا یار بێت بە باشتربونی دۆخی دارایی، تەنی ڕێگوبانی هەرێم کە شادەماری ئابوریی هەرێمن، بەپێی ستاندارد نەودەوڵەتییەکان زیاتر پێش دەخەین، خەڵکی ئێم دەڤەر وەك ناوچەکانی دیکەی کوردستان بگومان هەمومان دەزانین کە قوربانییەکی یەکجار زۆریان داوە لەپێناو ئازادی و بەدەستهێنانی دەستکەوتە نیشتمانییەکان، بۆیە خەڵکی ئێم دەڤەر، شایستەی زیاتر خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارین".

ڕونیشیکردەوە، "لێم ڕوەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردودا لە چوارچێوەی توانای بەردەست، چەندین پڕۆژەی جێراوجێری لێم دەڤەر و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام داوە و بەردەوامیش دەبین لە خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی ئێم ناوچەیە".

پەیوەست بە دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی وتی، "لە چەند ساڵی ڕابردو، بارودۆخ و قەیرانی سەختی ئابوری و دارایيمان تێپەڕاندوە، لەڕدا جارێکی دیکەش سوپاسی خەڵاگریی هاوڵاتیانی خۆشویست دەکەم، ئێمە هەمو هەوڵکانمان خستەتە گەڕ و هەمو تواناکانی خۆمان بەکار هێناوە بە ئەوەی کەتایی بێم دۆخە سەختە ئابورییە بهێنین، بە تایبەت موچەی هاوڵاتیان کە لە کاتی خۆیدا بدرێت، هەوڵمان داوە کەشکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستور و ڕێککەوتنەکانی نێوانمان چارەسەر ببن، بە ئەوەی مافە دەستوری و شایستە دارایيەکانمان دابین بکرێن و زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین".

وتیشی، "بەردەوام لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی فیدراڵ محەمەد شیاع سودانی لە پەیوەندیدام و شاندەکانی دانوستانکاریش بەردەوامن بە وەلاوەنانی کەسپەکان و لێم بەوایە داین، کە دەتوانین پێکەوە لەسەر بنەمای دەستور و بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان، سەروەت و سامانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بە خزمەتی هەمو هاوڵاتیان و پێشخستنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەکار بێنین و پێگەی ئابوریی عێراق و هەرێم لە ناوچەکەدا بەرز بکەینەوە".